له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

ئاگاداركردنەوەی ئافرەتان له تاوان وسەرپێچی یەكان

ئامادەكردنی

دایكی ئالاء

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صالّح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

ماڵپەری بەهەشت

ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

ئامانجمان:

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.

ستافی ماڵپەڕی بەهەشت

بسم الله الرحمن الرحيم

ڕێخۆشكار

خوێنەری بەڕێز : ئـەم نامیلكەیـەی بەردەستت بابـەتێكی تـره لـه بابەتـه زۆر گـرنگ و بەسوودە بلاۆوكراوەكانی گۆڤاری (ڕێگای ڕاست)كە لە ژمارە (٢) دا لە لاپـەڕە (١٣٩– ١٥٠)دا بلاۆوكراوەتەوە،بەپێویستمان زانـی وەك نامیلكەیـەكی سـەربەخۆ بیخەینـە بەردەستی خوێنـەرانی بـەڕێز، بۆئـەوەی بەئاسـانی بتـوانن سـوودی لێببینن لەسـەر شێوازی نامیلكەیەك كە هەڵگرتنی سوك بێت بۆ ئێوەی خۆشەویست .

ئاگاداركردنەوەی ئافرەتان

لە تاوان وسەرپێچی یەكان

خوای گەورە دانـەری یاسـاكان و سـنورەكانە كـە بەختـەوەری مرۆڤـی تێدایـە لـە دونیـا و قیامەتدا ، وەلە پەیوەست بوون بەسنوری خوای گەورە و نەبەزاندنی سەربەرزی و خـاوێنی و پاكژی و نـەفس بـەرزی مرۆڤایـەتی تێدایـە ، هـەروەها بـەرزی وپاراسـتنە لەڕەوشـت نزمـی و خراپی و ئاشوبی و تاوان ، خوای گەورە دەفەرمێت:

[إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنْكُمُ الرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا] (الأحزاب: ٣٣)

واتە : خوایگەورە بۆیە بەم شێوازە ئامۆژگاریتان دەكات تـاوەكو هـیچ تاوانتـان لەسـەر نەهێڵێت ئەی خێزانانی پێغەمبەر (ﷺ) وەتا پاك تان بكاتەوە لە هەموو پیسی و تاوانێك.

لەبەر گەورەیی پلە وپایەی ئافرەت لە كۆمەڵگای موسڵماناندا و پاراستنیان لە سەر پێچی یەكان ئاگاداریان دەكەینەوە لە چەند سەرپێچی‌یەك تا خۆیانی لێ بپارێزن وە ئەگەر كەوتونە ناوی یەوە و توشی بوونە ، ئەوا دەست بەجێ وازی لـێ بهێـنن و تۆبەبكـەن و بگەڕێنـەوە لای خـوا چـونكە خـوای گـەورە لێخۆشـبووە، هـەروەها ئاگـاداری خوشـكانی موسـڵمانی بكـات و بەرهەڵستی بكات لە كەسێك كە شتێك لەم سەرپێچی یانە جێبەجێ بكات . داواكارین لە خوای گەورە نیەت و وتە و كردەوەكانمان چاك بكات و تەنها لەبەر ڕەزامەندی ئەوبێت.

سەرپێچی یەكان لە بیروباوەڕدا:

١–چون بـۆ لای جادووگـەرو فاڵچـی و بـاوەڕكردن پێیـان ، بۆنەخۆشـی یـاخود چاوەزارو یـاخود كردنـەوەی سـیحر یـاخود هەرشـتێكی تـر ،پێغەمبـەر (ﷺ) ئاگـاداری كردوینەتـەوە لەچونەلایان ودەفەرموێت:

(من أتى عرافاً فسأله عن شيء لم تُقبل له صلاة أربعين يوماً)[١]

واتە:هەركەسێك بچێتە لای فاڵچی وپرسیاری لێ بكات دەربارەی شتێك ئەوا چل ڕۆژ نوێژی لێ وەرناگیرێت، وەدەفەرمووێت :

(من أتى كاهناً فصدقه بما يقول فقد كفر بما أنزل على محمد)[٢] .

واتە : هەر كەسـێك بچـێتە لای فاڵچـی‌یەك و بـاوەڕی پـێ بكـات لـەوەی كـە دەیـڵێـت ئـەوا كوفری كردووە بەو قورئانەی كە دابەزیوە بۆسەر محمد(ﷺ).

---

(١) / رواه مسلم: ٢٢٣٠.

(٢) الترمذي (١٣٥), وصححه أحمد شاكر (٢٤٤/١).

٢–خۆ پەیوەست كردن بە ڕۆژێكی دیاری كراوەوە بۆ سەردانی كردنی گۆڕستان وەكو ڕۆژانی پێنج شەممە یاخود ڕۆژانی جەژن ، هەروەها خۆ سازدان و سەفەر كردن بۆ سەر گۆڕ ئەگەر گۆڕ پێغەمبەریش بێت (ﷺ) چونكە دەفەرموێت: (لعن الله زوارات القبور)[٣]

واتە :خوای گەورە لەعنەتی كردووە لەوئافرەتانەی سەردانی گۆڕستانانیان كردووە بەخو ونەریت بەڵام ئەگەر ئافرەت بە شێوازێكی شەرعی بچێت بۆ سەردانی گۆڕستان و بۆ بیركردنەوەی مردن و قیامەت ، بەبێ تایبەت كردنی كات و ڕۆژێك ئەوا دروستە چونكە سەرەتا پێغەمبەر(ﷺ) قەدەغەی كرد موسڵمانان سەردانی گۆڕستان بكەن ، بەڵام لە پاشاندا فەرمووی سەردانی بكەن چونكە قیامەتتان دەخاتەوە یاد .

٣–هاواركردن و لەخۆدان و یەخە دڕاندن لە سەر مردوو. پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت:

(لیس منا من لطم الخدود وشق الجیوب ودعا بدعوى الجاهلیة)[٤].

واتە: لەئێمە نی یە كەسێك كە لە ڕوومەتی خۆی بدات و یەخەی دابدرێت، هاواری نەفامی بكات وەكو چۆن لە پێش ئیسلام دەكرا .

وەدەفەرموێت :

(النائحة اذالم تتب قبل موتها، تقام یوم القیامة وعلیها سربال من قطران ودرع من جرب)[٥].

واتە : ئافرەتی هاواركەر ئەگەر پێش مردنی تۆبە نەكات ئەوا ڕۆژی قیامەت هەڵدەسێت و پۆشاكێكی لە مسی تواوەی ئاگرینی لە بەردەكرێت وقەڵغانێك لە (جرب) •

---

[٣] رواه الترمذي:١٠٥٦ وابن ماجه ١٥٧٦ وغيرهما.

[٤] (متفق عليه).البخاري:١٢٩٧، مسلم: ١٠٣

[٥] رواه مسلم : ٩٣٤.

٤–زۆركردنی هەندێ لە ئافرەتان لـە مێردەكانیـان بـۆ هێنـانی خزمـەت كـار و پـەروەردە كەری ناموسڵمان بەڵكو جاری وا هەیە ئەمە بەمـەرج دادەنـێن لـەكاتی مارەبڕینـدا ، و پاشـان پەروەردەكردنی منداڵەكانیان پیدەسپێرن كە ئەمەش چەندەها سەرەنجامی خراپی بەدواوەیە لەسەر بیرباوەڕ و ڕەوشتی منداڵەكان كە شاراوە نی یە لەلای خاوەن عەقڵ .

٥–ناڕەزایی و بێ ئارامی هەندێ لە ئافرەتان لـەكاتی تـوش بوونیـان بـە كارەسـاتێك یـان بەڵایەك و دوعا كردنیان لە خۆیان،پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت:

[لايتمنين أحدكم الموت لضر نزل به فان كان لابد متمنيا فليقل: اللهم أحيِني ماكانت الحياة خيراً لي وتوفَّني اذا كانت الوفاة خيراً لي](٦).

واتـە : كـەس لـەئێوە ئـاوات نـەخوازێت بـە مـردن لەبـەر زیـان و ناخۆشـی یـەك كـەڕووی تێكردووە ، ئەگەر هـەر دەبوایـە ئاواتـە خـوازی مـردن بێـت ئـەوا بابڵێـت : خوایەئەگـەر ژیـان باشترە بۆم ئەوا بمژێنە وەئەگەر مردن باشترە بۆم ئەوا بمرێنە •

٦ /(متفق عليه).البخاري: ٦٣٥١ ومسلم ٢٦٨٠.

سەرپيێچى يەكان لە پايەكانى ئيسلام

٦- دواخستنى نوێـژەكان لـە كاتەكانيانـدا، بەتايبـەتى لـەكاتى دەرچـون و شـەونخونىو دواكەوتن لەنوستن كەدەبێتە هۆى دواخستنى نوێژى بەيانى بۆ پاش خۆرهەلاتن ,وەپێغەمبـەر يش (ﷺ)دەفەرموێت:

(إنه أتاني الليلة آتيان ،و إنهما ابتعثاني ، وإنهما قالا لي:انطلق وإني انطلقت معهما، وإنا أتينا على رجل مضطجع ورجل قائم على رأسه بيده صخرة ، واذا هو يهوي بالصخرة لرأسه فيثلغ رأسه فيتدهده الحجر هاهنا فيتبع الحجر فيأخذه فلا يرجع اليه حتى يصبح رأسه كما كان ثم يعود عليه فيفعل به مثل ما فعل به المرة الأولى ،قال : قلت لها:سبحان الله ما هذان؟ قالا لي :إما إنا سنخبرك ،أما الرجل الأول الذي أتيت عليه يثلغ رأسه بالحجر فإنه الرجل ياخذ القرأن فيرفضه وينام عن الصلاة المكتوبة)[٧]

واته : ئەم شەو دووكەس هاتن و لەخەو هەڵيانساندم ،پێيان ووتم :برۆ ،منيش لەگەڵيانـدا ڕۆيشتم،تاچوينە سەر پياوێگ ڕاكشابوو ،وە پياوێكش لەژوور سەرى يەوە ڕاوەستابوو بـەردى بەدەستەوەبوو، بەردەكەى تـێ دەگـرت و دەيـدا بەسـەريدا وسـەرى دەشـكاندو پاشـان هـەتا بەردەكەى هەڵدەگرتەوە تا دووبارە بيداتەوە بەسەريدا سەرى وەكو خۆى لێدەهاتەوە و چـاك دەبووە و بەردەوام بەم شێوەيە سزاى دەدا

پێغەمبەر(ﷺ)دەفەرموێت:

پێيانم ووت : پاك وبێ گەردى بۆخواى گەورە ئەم دووانە كێ بوون؟پێيان وتم: لە پاشـاندا پێت دەڵێن، پياوى يەكەم كە سەرى دەشكێنرا بەبەرد ئەوە پياوێكـە كـە قورئـانى وەرگرتـوە وپاشان ڕەتى دەكاتەوە ، وە دەخەوێت لە نوێژى فەرزداو نايكات .

---

٧ / (البخاري).

٧–بایەخ نەدان بەدەركردنی زەكاتی ماڵ و ئەوخشڵ و زێڕەی كەئافرەت هەیەتی و ساڵێكی بەسەردا تێ دەپەڕێت و گەیشتۆتە ئەو سنورەی كەزەكاتی تیدایە ،خوای گەورە دەفەرموێت :

(والَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلاَ يُنْفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَبَشِّرْهُمْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ .يَوْمَ يُحْمَى عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكْوَى بِهَا جِبَاهُهُمْ وَجُنُوبُهُمْ وَظُهُورُهُمْ هَذَا مَا كَنَزْتُمْ لأنْفُسِكُمْ فَذُوقُوا مَا كُنْتُمْ تَكْنِزُونَ)[٨].

واتە :ئەو كەسانەی كەزێرو زیو كۆدەكەنەوە و نایبەخشن لە ڕێگای خوادا (زەكاتی لێ دەرناكەن) ئەوا موژدەیسزایەكی بە ئێش و ئازاریان پێ بدە،ڕۆژی قیامەت زێڕو زیوەكەیان بۆ داخ دەكرێت لەئاگری دۆزەخدا ، ناو چەوان و لایەكانیان و پشتیانی پێ داخ دەكرێت و پێیان دەوترێت،ئەمە ئەو كەنزەیە كە بۆخۆتانتان هەڵگرتبوو ، دەی بچێژن سزای كۆكردنەوە و زەكات نەدان لێی.

٨–كەمتەر خەمیو بایەخ نەدانی هەندێ لە ئافرەتان بەهاوسەر و منداڵەكانیان و ئامۆژگاری نەكردنیان ، كاتێك كە كەمتەرخەمی دەكەن لە جێبەجێ كردنیفەرزەكاندا وەئامۆژكاری نەكردنیان وبەرهەڵستی نەكردنیان، وەكو پێشت گوێ خستنی نوێژی جەماعەت لە لایەن هاوسەرەكەی و كوڕەكانییەوە ،وەپشت گوێخستنی كچەكانی كاتێك كەپێ دەگەن لەجێبەجێ كردنی فەرزەكان و ڕۆژوو. وە جگە لەمە، لە پێویستییەكانی تر.

---

[٨] (سورة التوبة:٣٤ ، ٣٥).

سەرپێچیەكان لە پۆشاك و خۆداپۆشیندا:

٩–پەیوەست نەبون بە پۆشاكی شەرعی داپۆشەری هەموو لەش، لـەكاتی دەرچـون لەماڵدا هـەروەها لـە بـەركردنی جـل وبـەرگی تەسـك وتـەنك وكـورت، پێغەمبـەر(ﷺ) دەفەرموێت (...ونساء كاسيات عاريات ...لا يدخلن الجنة و لا يجدن ريحها ، وإن ريحها لتوجد من مسيرة كذا وكذا)[٩]

واتە :ئافرەتانێكی پۆشتەی ڕووت (جلی لەبەرە بەڵام ڕووتە چونكە یان تەسكە یان تەنكە یان كورتە) ئەمانە ناچنە بەهەشتەوە، وە بۆنیشی ناكەن كە لـەدوری چـل سـاڵ ڕێ بۆنی بەهەشت دێت .

١٠–شوێن كەوتنی مۆدێل لەجل و بەرگ و قژ بەردانـەوەو قـژ بـڕین و ئامێرەكـانی جوانكاری و گرنگی پێ دراوە ئافرەتی یەكان، كە ئەمەش ون كردنی ناسنامەی ئافرەتی موسڵمانی تێدایە وەلاوازی یە بۆ كەسایەتیەكەی.

سەرپێچیەكان لەماڵ وخێزانداریێتیدا

١١. ڕەخنـەگرتن و بـەرەنگای بـونی ئـافرەت لـەهێنانی زیـاتر لـە ژنێـك لـە لایـەنی پیاوەكەیەوە و دژایەتی كردنی و ڕازی نەبوونی ، خوای گەورە دەفەرموێت :

---

[٩] رواه مسلم ٢١٢٨ .

﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُبِينًا﴾[10]

واتە : كاتێك كە خوای گەورە و پێغەمبەر (ﷺ) بڕیار لە سەر شتێك دەدەن هیچ باوەڕدارێكی ژن یا خود پیاو بۆیان نیە لەم بڕیارە دەرچن وبڕیارێكی تر هەڵبژێرن. وە هەر كەسێكیش سەرپێچی فەرمانی خواو پێغەمبەرەكەی (ﷺ) بكات، ئەوا گومڕا بوونێكی ئاشكرا گومڕا بووە و لەڕێگای ڕاست دەرچووە .

١٢–گوێرایەڵی نەكردنی مێرد و وەڵام دانەوەی بەتوندی وبەرزكردنەوەی دەنگ لە ڕویداو بەرهەڵستی كردن و دان نەنان بەچاكەو ئیشە جوانەكانیو گلەیی كردنی لێی بەبەردەوامی بەهۆ، یاخود بەبێ هۆ.

پورێكی حصینی كوڕی محصن دەفەرموێت:

(أتيت رسول الله (ﷺ) في بعض الحاجة، فقال : أي هذه أذات بعل ؟ قلت: نعم ، قال كيف أنتِ له ؟ قالت ما آلوه ، إلا ما عجزت عنه،قال :أين أنت منه؟ فإنما هو جنتكِ وناركِ)[2]

واتە : دەفەرموێت : هاتمە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ هەندێ پێویستی خۆم، ئەویش فەرموی:

---

[10] / (الأحزاب:٣٦)

[2] (رواه النسائي).

ئەمە كێیە ، ئایا مێردت هەیە ؟

وتم :بەڵێ،

فەرموی: تۆ چۆنی بۆ مێردەكەت؟.

منیش وتم: كەمتەرخەمی ناكەم مەگەر لە توانامدا نەبێت .

فەرموی: تۆ لە چ ئاستێكی گوێڕایەڵی ئەودایت ؟ ئەو بەهەشت ودۆزەخی تۆیە، واتە گوێڕایەڵیت بۆ ئەو فەرمانانەی كەبێ شەرعی نین هۆی چونە بەهەشتتە،وە سەرپێچی وكەمتەرخەمیشت هۆی چونە دۆزەختە !. وە دەفەرموێت :

(لوكنت آمرُ أحداً أن يسجد لأحد لأمرت المرأة ان تسجد لزوجها)[١]

واتە: ئەگەر من فەرمانم بەكەسێك بكردایە كە كرنوش بۆ كەسێكی تر ببات ئەوا فەرمانم بەئافرەت دەكرد كە كرنوش بۆ مێردەكەی بەرێت .

١٣– دیاری كردنی وەچەو كەمكردنەوەی منداڵ بوون بەبێ هۆیەكی گرنگ كەدەبێتە هۆی كەمبوونەوەی ئومەتی ئیسلام، پیغەمبەریش(ﷺ) دەفەرموێت:

(تزوجوا الودود الولود؛ فإني مكاثر بكم الأمم)[٢]

واتە : ئافرەتێك بخوازن كە خۆشەویست و مندال بوو بێت ،چونكە من شانازی بە زۆریتانەوە دەكەم بەسەر ئوممەتانی ترەوە لەرۆژی قیامەت.

---

[١] رواه الترمذي و غيره وصححه الألباني في الإرواء:١٩٩٨

[٢] رواه ابن حبان وأحمد والطبراني في الأوسط وسعيد بن منصور والبيهقي وصححه الألباني في الإرواء: ١٧٨٤

١٤–گرنگی نەدان بە پەروەردەكردنی منداڵ ، پەروەر كردنێكی موسـڵمانانەی پـاك لە هەموو خراپیو ناشیرینیەكی وەكو ئاهەنگ گێڕان بەبۆنـەی جـەژنی لـە دایـك بـوون، هەروەها لەبەر كردنـی ئـەو جل و بەرگانـەی كـە وێنـەو خاچـی پێوەیـە، وە فێركردنـی منداڵان بۆ ئامێرەكانی مۆسیقا، وە لـە لایـەكی تـرەوە هـان نـەدانیان بـۆ نوێـژەكان لـە مزگەوتدا و بۆ قورئان لەبەر كردن و پەیوەست كردنـی بـیرو بۆچـونیان بـە ئیسـلامەوە. پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت:

(والمرأة راعية في بيت زوجها ومسؤولة عن رعيتها)[١٤] .

واتـە : ئـافرەت شـوان و سەرپەرشـتیارە لـە مـاڵی مێردەكەیـدا و لێپرسـراوە لـە پەروەردەكردنی منداڵ و سەرپەرشتی كردنیان .

١٥– پشت گوێ خستنی هەندێ ئافرەتان و گوێ نەدانیان بە بەڕێوەبردنی ئیش و كاری ناوماڵ لە پاك و خاوێنی و شوشتن و چێشت لێ نان ،

هـەروەها پشـت گـوێ خسـتنی خـۆ ڕازاندنـەوە بـۆ مێـرد و جـێ بـەجێ نـەكردنی مافەكانی .

١٦– داواكردنـی تـەڵاق لـە مێـرد بـەبێ هـیچ هۆیـەكی شـەرعی، پێغەمبـەر(ﷺ) دەفەرموێت:

(أيُّما امرأة سألت زوجها الطلاق من غير ما بأس، فحرام عليها رائحة الجنة)[١٥]

١٤/ رواه البخاري:رقم (٥٢٠٠)

١٥/ رواه أبو داود والترمذي والدارمي وابن ماجه والحاكم والبيهقي وغيرهم وحسّنه الألباني في الإرواء: ٢٠٣٥

واتە: هەر ئافرەتێك داوای تەلاق لە مێردەكەی بكات بەبێ هیچ هۆیەكی شەرعی ئەوا بۆنی بەهەشت حەرامە لە سەری .

١٧–زۆركردنی ئافرەت لە مێردەكەی بە كرینی ئەو شتانەی كە لە تواناییدا نیەیە بە تایبەتی ئەو شتانەی كە(كمالیات)ن و زۆر گرنگ نین.

هەروەها جل وبەرگ و دیاریەك كە پێویست نەبن .

١٨ – باس كردنی ژیانی خێزانێتی و پەیوەندی ژن و مێردایەتی خۆیان بۆ خەڵكی و بڵاوكردنەوەی كێشەو ناخۆشی و نهێنی نێوانیان .

١٩–گرتنی ڕۆژوی سوننەت بەبێ ڕێگەپیدانی مێردەكەی ،پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت : (لا يحل لامرأة أن تصوم وزوجها شاهد إلا بإذنه)[١٦]

واتە : حەڵاڵ نیی یە بۆ ئافرەت ڕۆژوی سوننەت بگرێت و مێردەكەی لە ماڵەوە بێت مەگەر خۆی ڕێگەی پێ بدات ، یا خود ڕێگە بدات بە هاتنە ژورەوەی خەڵكی ، تەنها بە ڕێگە پیدانی مێردەكەی نەبێت .

---

[١٦]/ البخاري ومسلم وغيرهما بألفاظ متعددة وصححه الألباني في الإرواء: ٢٠٠٤.

سەرپێچی یەكان

لە ناو ئاهەنگ و بۆنەكان (المناسبات)

٢٠- دواخستنی شووكردن بەهۆی خوێندن و هۆی ترەوە ، تاخۆی لە هاو تەمەنانی خۆی بەجێ دەمێنیت و بە تەنها دەمێنێتەوە

كەسێك نابینێ بچێتە داخوازی لەبەر تەمەن گەورەیی .

٢١- گرنگی نەدان بە دین و ڕەوشت لەكاتی هەڵبژاردنی هاوسەریدا و بایەخ نەدان پێیان ،پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرموێت:

(إذا أتاكم من ترضون خلقه ودينه فأنكحوه، إن لا تفعلوه تكن فتنة في الأرض و فساد كبير...)[١٧]

واتە : ئەگەر هەر كەسێك هات بۆ داخوازیتان لە دین و ڕەوشتی ڕازی بوون ئەوا شوی پێ بكەن ئەگەر وانەكەن و شتی تر لێك بدەنەوە ئەوا خراپە و ئاشوبێكی زۆر لەسەر زەویدا بلاْودەبێتەوە .

٢٢-زیاد ڕەوی كردن لە دانانی مارەیی‌دا .لە فەرموودەدا هاتوە (خير الصداق أيسره)[١٨].

واتە: باشترین مارەیی ئەوەیە كە كەمترین و ئاسانتربێت

---

[١٧] / رواه الترمذي وابن ماجه والحاكم والبيهقي وغيرهم وحسنه الألباني في الإرواء: ١٨٦٨.

[١٨] / رواه الحاكم وصححه الألباني في الإرواء: ١٩٢٤.

٢٣–کەوتنە ناو هەندێ داهێنراوی تازە لەم سەردەمەدا وەکو زۆرکردن لە مێردەکەی بۆ لەسەر کردنی شەبقە یاخود نوسینی ناوی مێردەکەی لەسەری ، هەروەها لاسایی کردنەوەی کافران لەلە بەرکردنی جلی سپی درێژ و دەست کێش و گۆرەوی سپی لەکاتی گواستنەوەدا

٢٤–چوونی ئافرەت بۆ ئارایشگا بۆ لابردنی موی لەشی هەتاوای لێ هاتوە کە شوێنی وای دەردەخات کە دروست نی یە بۆ کەس تەماشای بکات جگە لە مێردەکەی.

٢٨–سوربوون لەسەر گێڕانی ئاهەنگی گواستنەوە لە کۆشك و میوانخانەکان و ئامادەکردنی گۆرانی بێژانی ژن و پیاو ،دەنگ بەرزکردنەوە بەگۆرانی و مۆسیقا و هەڵ هەڵە لێدان و سەرف کردنی پارەیەکی زۆر تا دەگاتە سنورێکی زیادەڕەوی و ئیسراف.

٢٥–دانانی بوك و زاوا لە شوێنێکی بەرز لەپێش چاوی کەسانی نامەحرەم لەخزم و کەس وکاری بوك و زاوا و خەڵکی تر و پیرۆزبایی کردن لێ یان بە تەوقەکردن و سەماکردن بۆیان و گرتنی وێنەی فۆتۆگرافی یاخود بە کامێرای ڤیدیۆ .

سەرپێچی یەكان لە دەرچوون لەماڵ و سەفەر كردن و تێكەڵاو بوون

٢٦–بۆن لە خۆدان لە كاتی دەرچوونی لە ماڵ كە پیاوان بۆنی دەكەن ، پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرموێت: (أيما امرأة استعطرت ثم خرجت فمرت على قوم ليجدوا ريحها فهي زانية)[١٩] .

واتە : هەر ئافرەتێك بۆن لە خۆی بدات و پاشان لەماڵ دەرچێت و پیاوانی بێگانە بۆنی بكەن ئەوا ئافرەتە زیناكەرە .

٢٧–سەركەوتنی ئافرەت لەگەڵ شۆفێری بێگانە ، بە تەنها و خۆ دانەپۆشین لێی ، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت :(لا يخلون أحدكم بامرأة إلا مع ذي محرم)[٢٠]

واتە : باكەس لە ئێوە بە تەنها لە گەڵ ئافرەتیكدا نەبێت مەگەر مەحرەمی خۆی لەگەڵدابێت .

٢٨– زۆر دەرچوون لەماڵ و چون بۆ بازاڕ ، خوای گەورە دەفەرموێت :

(وقرن في بيوتكن ولاتبرجن تبرج الجاهلية الأولى)[٢١] .

---

١٩ / رواه ابن خزيمة وصححه الألباني في صحيح ابن خزيمة :١٦٨١

٢٠ /رواه البخاري (٣٠٠٦)ومسلم (١٣٤١) بألفاظ .

٢١ الأحزاب:٣٣

واتــە: لەماڵــەكانتان جــێگیربن و وەكــو ئافرەتــانی ســەردەمی نــەفامی لەشــی خۆتــان دەرمەخەن بۆ پیاوی بێگانە .

٢٩–تێكەڵاو بوونی بە پیاوانی بێگانە لە خزم و كەس وكاری ئافرەتەكە یاخود پیاوەكە یاخود جگە لـەمان ،و گاڵتـەكردن لەگەڵیانـدا وتەوقـەكردن لەگەڵیانـدا و ئاشـكراكردنی جوانی خۆی لەپێش چاویان و خۆدانەپۆشین لەلایان .

پێغەمبەر (ﷺ) دەفـەرموێت :(إياكم و الدخول على النساء) فقال رجل من الأنصار: أفرأيت الحمو يا رسول الله ، قال: (الحمو الموت) [٢٢]

واتــە: ئاگادارتــان دەكەینــەوە نەچــنە ژورەوە بــە تــەنها بــۆ لای ئــافرەت . پیاوێـك لــە پیشتیوانان ،ووتی: ئەی ئەگەر خزم وكەس وكاری مێردە كەی بێـت ؟ فـەرموی ئـەوا مردنـی باشترە .

٣٠– بە ئاسان گرتنی هەندی لە ئافرەتان لە چـون بـۆ لای پزیشـكی پیـاو بـۆ چارەسـەر كردنی و دەرخستنی شوێنی وایان كە دروست نییە پیشان بـدرێت بـەبێ ئەوپـەڕی ناچـاری و گرنگی

٣١–سەفەركردنی ئافرەت بەبێ مـەحرەم ئـیتر بەفرۆكـەبێت یـان ئۆتۆمبێـل بێـت یـاخود پاپۆر یاخود جگە لەمانە .پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (يحل لامرأة تؤمن بالله واليوم الآخر، تسافِرُ مسيرة يوم، إلا مع ذي محرم)[٢٣].

واتە: نابێت ئافرەت سەفەر بكات بەبێ مەحرەم .

---

[٢٢] (متفق عليه).البخاري (٥٢٣٢) ومسلم (٢١٧٢).

[٢٣] متفق عليه وهذا لفظ مسلم: (١٣٣٩)

٣٢–دەرچوونی هەندێ لە ئافرەتان لە ماڵ بۆ ئیش كردن كە دەبێتە هۆی توش بوونی حەرام و پشت گوێ خستنی مێردو منداڵ ، یا خود وازهێنان لە هەندێ لە فەرزەكان و تێكەڵاو بوون

چەند سەرپێچیەكی گشتی

٣٣– وازهێنان لە فەرمان كردن بە چاكەو قەدەغەكردنی خراپە و ئامۆژگاری كردن لە ناو ئافرەتاندا ,خوای گەورە دەفەرموێت :

(والمؤمنون والمؤمنات بعضهم اولياء بعض يأمرون بالمعروف وينهون عن المنكر و يقيمون الصلاة و يؤتون الزكاة و يطيعون الله ورسوله أولئك سيرحمهم ألله إن الله عزيز حكيم)[٢٤].

واتە: باوەردارانی پیاوو ژن هەندێكیان سەرپەرشتیارو یارمەتی دەری یەكترن ، فەرمان دەكەن بە چاكەو قەدەغەدەكەن لە خراپە و نوێژەكانیان دەكەن و زەكات دەدەن و گوێرایەڵی خواو پێغەمبەرەكەی (ﷺ)دەكەن ئەوانە خوای گەورە رەحمیان پیدەكات ، بەراستی خوای گەورە بەدەسەڵات و كاربەجێیە .

٣٤ـ ئازاردانی دایك و باوك بەبەرزكردنەوەی دەنگ لەسەروی ئەوانەوە ،یاخود دڵ ئێشانیان و بێزاركردنیان و گوێرایەڵی نەكردنیان خوای گەورە دەفەرموێت :

(وَقَضَى رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِنْدَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُلْ لَهُمَا أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُلْ لَهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا)[٢٥].

---

٢٤ / التوبة: ٧١

واتە :ئەوەندە چاك بن لەگەڵ دایك و باوكتاندا تەنانەت لەڕوویاندا مەڵێن ئۆف وەقسـەڕەق ودەنگ بەرز مەبن لـە ئاسـتیاندا بـەڵكو قسـە نـەرم ونیـان و خـۆش بـن لەگەڵیانـدا بەتایبـەتی لەكاتی پیریاندا.

٣٥- بڵاو بوونەوەی بەڵاكانی زمان لەغەیبەت و دووزمانی و جگە لەمانە .

٣٦- گوێ نەدان بەنەپاراستنی چاو،وەكو بلێ ی تەنها خـوای گـەورە فـەرمانی بـەپیاوان كردووە نەك بەئافرەتان ،خوای گەورە دەفەرموێت:

(وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ)[٢٦]

واتە: ئەی محمد (ﷺ) بەئافرەتانی باوەڕدار بلێ باچاویان بگرن لە تەماشا كردنـی پیـاوی بێگانـەو دامێنـی خۆیـان بپـارێزن لـە بەدڕەوشـتی وە تەماشـا كردنـی پیـاوان بەتایبـەتی لـە تەلەفیزیۆن ، جگە لەمە كەدەبێتە هۆی فیتنە و ئاشوب .

٣٧.تەماشاكردنی ئافرەت بۆ ئافرەتی تر و پاشان باسی بكات بۆ مەحرەمێكی خۆی بەبێ مەبەستی ژن هێنان.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت:(لا تباشر المرأةُ المرأةَ فتنعتها لزوجها كأنه ينظر إليها)[٢٧]

---

٢٥ / (الإسراء:٢٣).

٢٦ / (النور: من الآية٣١).

٢٧ رواه البخاري: ٥٢٤٠.

واتە : با ئافرەت تەماشای لەشی ئافرەت نەکات و پاشان وەسفی بکات بۆ مێردەکەی وەکو ئەوەی کە مێردەکەی خۆی تەماشای بکات .

٣٨- کردنی هەندێ ئیشی قەدەغە کراو کە دەبێتە هۆی نەفرەتی خوای گەورە لەسەری.

.پێغەمبەر(ﷺ)دەفەرموێت:

(لعن الله الواشمات والمستوشمات ، والنامصات و المتنمصات و المتفلجات للحسن، المغيرات خلق الله)[٢٨]

واتە: خوای گەورە نەفرەتی کردووە لەو ئافرەتانەی کە خاڵ دەکوتن بۆ خەڵکی وە لەوانەیش کە خۆیان دەیکوتن هەروەها لەو ئافرەتانەنەی کە برۆ بۆ خەڵکی هەڵ دەگرن و ئەوانەیش کە خۆیان هەڵی دەگرن، هەروەها لەو ئافرەتانەی کە ددانیان شاش دەکەن بۆ جوانی کەدروست کراوی خوای گەورەی دەگۆڕن هەروەها دەفەرموێت:

(لعن الله الواصلة والمستوصلة)[٢٩].

واتە: خوای گەورە نەفرەتی کردووە لەو ئافرەتانەی کە قژی جگە لەقژی خۆیان قژی دەست کرد لە سەریان دەدەن و لە وانەیەشە کە بۆنیان لێ دەدەن . هەروەها دەفەرموێت

(لعن رسول الله ... المتشبهات من النساء بالرجال)[٣٠]

واتە : پێغەمبەری خوا نەفرەتی کردووە لەو ئافرەتانەی کە خۆیان دەچوێنن بە پیاو جا لە قسەکردندا بێت یاخود لە جل و بەرگیدا یاخود لە هەڵسوکەوت و هەموو شتێکی تردا.

---

٢٨ / (متفق عليه).البخاري: (٤٨٨٦) ومسلم: (٢١٢٥).

٢٩ / رواه مسلم: (٢١٢٢).

٣٠ / رواه البخاري: (٥٨٨٥).

٣٩–بەنەرمی قسەكردن و دەنگ ناسك كردن لەگەڵ پیاوی بێگانەدا ، بەتایبەتی لە تەلەفۆن دا كە دەبێتە هۆی سەرەنج ڕاكێشانی پیاو وەئافرەتانیش دەبنە نێچیرێكی ئاسان بۆ (ئەو گورگانەی كە لەپێستی مرۆڤدان).

٤٠–لە خۆبایی بوون و خۆ بەگەورە زانینی هەندێ لە ئافرەتان جا چ بەهۆی جوانییانەوە دەبێت یاخود بەهۆی لەبەر كردنی جل و بەرگی گران بەهاو زێڕی بەنرخ و دەوڵەمەندی و شتی ترەوە، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت:

(لا يدخل الجنة من كان في قلبه مثقال ذرة من كِبر)[٣١]

واتە : هەر كەسێك مسقاڵە زەڕەیەك خۆبەگەورە زانین لەدڵیدا بێت ئەوا ناچێتە بەهەشتەوە •

٤١–بێ ئاگابونیان لە زۆر سوننەت و عیبادەت، هەندێ لە ئافرەتان خوا هیدایەتییان بدات نوێژی (**الوتر والضحى**) نازانن وپارێزگاری ناكەن لە سوننەتەكان، وە هەندێكیان نازانن قورئان بخوێننەوە یاخود خۆیان داناپۆشن تەنها لە مانگی ڕەمەزاندا نەبێت .

٤٢–هەندێ لە ئافرەتان خوا هیدایەتیان بدات هەڵدەستن بە بۆیاخ كردنی قژی سەریان بەڕەش لەجیاتی خەنە .پێغەمبەر(ﷺ)دەفەرمێ :

(يكون في آخر الزمان قوم يخضبون بالسواد كحواصل الحمام لا يريحون رائحة الجنة)[٣٢] واتە: لە كۆتایی زەماندا كەسانێك پەیدا دەبن قژەكانیان ڕەش دەكەن وەكو سیقەتۆرەی كۆتر، ئەمانە بۆنی بەهەشت ناكەن .

---

٣١ / رواه مسلم : (٩١).

٣٢/(رواه أبو داود والنسائي) صحيح انظر تمام المنة

٤٣–سەرپێچیكردنی سوننەتێك لە سوننەتەكانی فیترەت كە بریتی یە لەنینۆك كردن. ئافرەتی وا هەیە نینۆكی درێژ دەكات و پاشان بۆیاخی دەكات كەئەم بۆیاخە نایەڵێت ئاو بگات بەنینۆكی لەكاتیدەست نوێژگرتن دا و دەبێتە هۆی بەتاڵ بوونەوەی دەست نوێژو پاشانیش نویژەكەی .

٤٤– هاورێ یەتی كردنی ئافرەتی خراپ كەهانی دەدەن بۆ كەم تەرخەمی كردن لەپەرستن و جێ بەجێ كردنی مەفەكانی خوای گەورە لەسەریو گرنگی نەدان و بەكەم گرتنی پاراستنی ڕێزو ئابڕووی و توش كردنی بەئیشی وا كە سەرەنجامەكەی سوپاس كراو نابێت .

٤٥ – ماتەمی گێرانی ئافرەتان زیاتر لە سێ ڕۆژ ئەگەر مردووەكە مێردی نەبوو ، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت:

(لاَ يَحِلُّ لامرأة تؤمن بالله واليوم الأخر أن تحّد على ميت فوق ثلاث الا على زوج أربعة أشهر وعشراَ)[٣٣]

واتە: حەلاڵ نیيە بۆ ئافرەتێك كە باوەڕی بەخوا و ڕۆژی دوایی هەبی زیاتر لەسێ شەو پرسە بگرێتەوە بۆ مردوەكەی مەگەر مردوەكە مێردی بێ ئەوا چوار مانگ و دە ڕۆژ پرسەی بۆ دەگرێتەوە.

٤٦–خۆ پەیوەست نەكردن بە ئادابەكانی پرسە گرتنەوە. وە دوور كەوتنەوە لە لەبەركردنی پۆشاكی جوان و خشڵ و چاو ڕشتن و بۆن لەخۆدان و هاو شێوەی ئەمانە , وەنابێت لەماڵەكەی بچێتە دەرەوە تەنها لە بەر ئیشێكی گرنگ و پێویست نەبێت , وە نابێت پۆشاكی ڕەش بكات چونكە حەرامەو هیچ بنچینەیەكی نی یە لە شەرع داو ئیشێكی بەتاڵ و زەمكراوە .

وأخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين وصلى الله على نبينا محمد
وعلى أله وصحبه أجمعين

---

[٣٣] / متفق عليه : البخاري: (٥٣٣٤) ومسلم: (١٤٨٦).